Kurdistan Freedom Party

پارتی ئازادیی کوردستان

PAK

بکوژی دوو ئەندامە تێرۆر کراوەکەی PAK

بە دەستی کوڕانی تۆڵە ئەستێنی گەل، بە سزا گەیشت

تاوانبار "کەریم ئەمین ئازەر" ناسراو بە "کەریم حسین چۆلەکە"، بکوژی هەڤالان حسین ئازەرکیش و سابیر ستاری، بە دەستی کوڕانی تۆڵە ئەستێنی گەل، بە سزای تاوانەکەی گەیشت.

دووساڵ لەمەوبەر شەوی چوارشەممە 7 ی پووشپەڕی 2706 ( 28 ژوئەنی 2006)، "کەریم ئەمین ئازەر"، بە دەمانچەی بێدەنگ ئەو دوو تێکۆشەرەی پارتی ئازادیی کوردستانی لە شارۆچکەی پێنجوینی باشووری کوردستان، لە کاتی خەودا تێرۆر کرد.

کەریم حسین چۆلەکەی تاوانبار، ئەرکی تیرۆری تێکۆشەرانی پارتی ئازادیی کوردستانی لە لایان بەرێوەبەرایەتی ئیتلاعاتی سپای پاسدارانی پارێزگای کوردستان و لە ژێر چاودێری ئیتلاعاتی سپای پاسدارانی سەقز پێ ئەسپێردرا بوو.

تاوانبار پاش تێرۆری هەڤالانی شەهیدمان، بۆ ماوەیەك خۆی لە نێو شارۆچکەی پێنجوین حەشاردا. رۆژی 2006/7/26 ، کەریمی تاوانبار، لە خاڵی سنووری سەیران بەند، لە حاڵی پەڕینەوە بۆ رۆژهەڵاتی کوردستان، لە لایان هێزێکی ئاسایشەوە لە تەك هاوکارێکی دا دەسگیر کرا، بەڵام هەر لەوێ توانی خۆی دەرباز بکاو خۆ بگەیەنێتەوە شاری سەقز و باوەشی دوژمن.

"کەریم ئەمین ئازەر" پاش بەرێوەبردنی ئەو تاوانە، لە ریزەکانی سپای پاسداران دا وەك دەستخۆشانە و خەڵات، پلە و سەروەت و سامانی وەرگرت و درێژەی بە تاوانەکانیدا، بەڵام لەوە خافل بوو کە رۆژێ رۆڵە تۆڵە ئەستێنەکانی کورد، لە هەر کوێ بێ گیری دێنن و تۆڵەی لێدەکەنەوە. سەرەنجام ئەو رۆژە گەیشت و کەریمی تاوانبار لە جەرگەی دەسەڵاتی دوژمنی داگیرکەردا لە دەور و بەری ئاوایی "کامەلە"ی سەقز کەوتە بۆسەی خوێنئەستێنانی شەهیدان و بە سزای یەکجاریی گەیشت.

تەرمی بە کرێگیراوی سزادراو، بە ریسوایی لە لایان کاربەدەستانی ئیتلاعات و سپای پاسداران لە گۆڕستانی خۆفرۆشان لە گەرەکی شانازی سەقز گۆڕکرا.

سزا دانی کەریم حسین چۆلەکەی خائین دەرسێکە بۆ هەر کەس کە خەیانەت بە نەتەوەکەی بکا و خوێنی رۆڵەی شۆڕشگێری کورد بۆ دوژمنان برێژێ.

سڵاو لە شەهیدانی رێگای رزگاریی کوردستان

سڵاو لە کوڕانی تۆڵە ئەستێنی گەل

مەرگ و سەرشۆریی بۆ بە کرێگیراوانی تاوانبار

پارتی ئازادیی کوردستان

کۆمیتەی راگەیاندن

30 رەزبەری/2708

21 ئۆکتۆبری/2008

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com